# پەریخان

هۆ پەری !

یادی تۆ دەم هەژێنێ

هاشاوڵ بۆ هەستی ناسکم دێنێ

ئەرێ پەری ، ئێستاش هەر لە بۆکان

هەر وەک جاران ڕاوچی دڵی کوڕانی

یان کەیخودا ژنی نیو ژنانی ؟

ئەرێ تافی لاویت لە بیرماوە

گۆزە ی کانیت لەکڵ دەر هێناوە

بۆ ئاو هێنانی حەوزە گەورەت لە شان ناوە

یان درزی شکانی تێچڕژوە؟

ئەرێ پەری گیان

شەدەلاری « خەیات» ت ، لەبیر ماوە

جلە بووکی بۆت دووری بوو،

بەسیلەی چاو تێتی ڕوانی بوو

لەبیرتە لە سەر تۆ چۆن داەکاری کرابوو

ئێستا شەدە لار ئەوکوڕە نەماوە

لە نێو پیاواندا سەری دەر هەڵ هێناوە

قسەی قەڵەمی زل زل دەکا

باسی شێعر و ئەدەبی کوردی دەکا

بەڵام یادی تۆ تەنیا ساتێ ئۆقرەی نادا

هۆ پەریخان

شەدەلار بەبێ تۆ ژیانی تاڵە

دایمە چاوەڕوانی بەرەو ماڵە

وەسیتنامەی نوسیوە

هەر کاتێک لە هەندەران

لە دووری تۆ مرەد

تەرمەکەی لە تابوت نێن بەرەو بۆکان.

رەحمان سۆفی